# ناساندنی پرۆگرامێک

## پرۆگرامی Handy Recovery تایبەت بە گەڕندنەوەی فایلە سڕاوەکان




گەڕاندنەوەی زانیارییە سڕاوەکانی سەر هاردێك یەكێكە لە پێداویستیترین و سەرەکیترین پێویستییەکانی بەکارهێنەران، جاری وا هەیە کتێبێك کە زۆر خۆتت پێوە ماندوو کردووە تاکو تایبت کردووە، بەڵام دوایی بەهۆی هەڵەیەك فایلەکەی دەسڕێتەوە، ئیدی هەتا ماوەیەك لەباری دەروونییەوە نایەوە سەرخۆ، بەڵام پرۆگرامی Handy Recovery ئەو گرفتەتان بۆ چارەسەر دەکات.



هەرچەندە لە بواری گێڕاندنەوەی فایلە سڕاوەکان پرۆگرامی زۆرباش و سەرکەوتوو دروستکراون. بەڵام ئەو پرۆگرامەی ئێمە لێرەدا باسی دەکەین لەگەڵ ئەوەیدا زۆر بچووکە و شوێنێکی ئەوتۆ لەهارددا ناگرێ، زۆریش بە سوودە. پرۆگرامی Handy Recovery ماوەیەکی زۆر نییە دوایین ڤێرژنی دەرکەوتووە.

ئەم پرۆگرامە دەتوانێ ئەو فایلانە بگێڕێتەوە کە بە هۆکاری وەك ڤایرۆسە تێکدەرەکان، گرفتی سیستەم و هارد، گرفتی پرۆگرامەکان و تەنانەت فۆرماتکردن و پارتیشن کردن سڕاونەتەوە.

یەکێك لە سوودە تایبەتییەکانی پرۆگرامی Handy Recovery توانای Explorerە کە ئەو ئیمکاناتەی هەیە بتوانی بگەڕێی لەنێو فایلە دۆزراوەکاندا، بەم هۆیەوە بە ئاسانی دەکرێ چاو بە فایلە سڕاوەکاندا بگێڕی و ئەوەی حەزت لێی بوو بە چەند کلیکێك بیگێڕیەوە.

هەندێك لە تایبەتمەندییە سەرەکییەکانی ئەو پرۆگرامە:

پشتیوانی کردن لە سیستەمی FAT، NEFS، ...

کاتی سڕینەوەی فایلێك زانیاری تایبەت بەو فایلە، لە فایلێکدا بەناوی File Recordدا خەزن دەبێت، کە بە زۆری ئەو پرۆگرامانەی کە ئەرکیان دۆزینەوەی فایلەکانە بە ئاسانی لەو شوێنەدا دەیدۆزنەوە، بەڵام جاری وا هەیە ئەو فایلە تووشی زیان بووە، لەکاتێکی وادا پرۆگرامی Handy Recovery بە سوود وەرگرتن لە Disk Scanning In-Depth بە قوڵی لە دراڤەکە دەگەڕێ و دەیدۆزێتەوە.

هەڵگرتنەوەی نموونەیەك لە پارتیشنەکە، خەزنکردنی لەسەر پارتیشنێکی دیکە وەك کۆپییەکی یەدەك.

گەڕاندنەوەی فایلەکان لە پارتیشنە سڕاوەکان یان فۆرمات کراوەکان. زۆر لە فایلەکان پاش کرداری فۆرماتی خراپیش لەلایەن پرۆگرامە بەهێزەکانی گەڕاندنەوەی فایلە سڕاوەکان دەگەڕێندرێنەوە، کە پرۆگرامی ناوبراویش یەکێکە لەوان.

دانانی فیلترینگ بۆ دۆزینەوەی وردتری فایلە سڕاوەکان بەپێی ناو، ڕێکەوت، قەوارە و تایبەتمەندییەکانی دیکە..

دۆزینەوەی ئەو فایلانەی کە بەبێ ئەوەی کە بچنە ناو سەڵەی زبڵەوە سڕاونەتەوە.

## خێرایی ئەنتەرنێت دە جار زیاتر، ئەنتەرنێت بە خۆڕایی




بردنەسەری خێرایی داونلۆد ئاواتی زۆر لەوکەسانەیە کە خەون بە ئەنتەرنێتێکی خێراوە دەبینن، زۆر پرۆگرامیش بۆ ئەم مەبەستە داندراون. بەڵام بەڕاستی شتی وا دەکرێ؟ ئایا بردنەسەری خێرایی داونلۆد یان خێرایی کردنەوەی ئەنتەرنێت لەگەڵ واقیع دەگونجێت؟ دەکرێ بڵێین شتێکی لەم چەشنە بەتەواوی دروست نییە، بەڵام هەندێك ڕێگا هەن کە تارادەیەك خێرایی ئەنتەرنێت دەبەنە سەرێ و فایلەکان بە خێرایی دادەبەزێنن. یەکێك لەو شێوازانە کە بۆ بردنەسەری خێرایی وەرگرتنی فایلەکان لە ئینتەرنێت وەبەرچاو گیراوە و ئاکامێکی باشیشی هەبووە، پارچەپارچە کردنی فایلەکانە بەچەند فایلێکی بچووکتر و پاشان داونلۆدکردنی ئەو پارچانەیە. ئەم شێوازە وەك دروستکردنی پازڵێك دەچێت، بەم شێوەیە کە فایلە سەرەکییەکە دەبێتە چەندین پارچەی بچووکتر و پرۆگرامەکە پاش وەرگرتنی ئەو فایلانە جارێکی دیکە لەلای یەکیان دەچنێتەوە و فایلە سەرەکییەکە دروست دەکاتەوە.

ئەو پرۆگرامەش پرۆگرامی Teleportproیە. بە سوود وەرگرتن لەو پرۆگرامە دەتوانی فایلەکان ببنە ١٠ فایلی بچووکتر و ١٠ جار خێرایی داونلۆد بچێتە سەرێ.

پرۆگرامی Teleport سەرەڕای بردنەسەری خێرایی داونلۆدی فایلەکانی ئەنتەرنێت، باشترین پرۆگرامیشە بۆ سەیرکردنی ئەنتەرنێت بە شێوەی ئۆ فلاین، واتە بەبێ وایەر و بەبێ هێڵ. چونکە بە سوود وەرگرتن لەو پرۆگرامە بە سانایی دەکرێ گشت سایتێك یان بەشێك لەو سایتەی کە دەتانهەوێ لەسەر هارددیسك خەزن بکەن، پاشان لە هاردیسکەکەی خۆتان بەبێ ئەوەی هێڵێکی ئەنتەرنێت هەبێ سایتەکە بکەنەوە. ئەو پرۆگرامە دەتوانێ ئەو سایتانەش بکاتەوە کە پاسۆردیان بۆ داندراوە. فایلە وەرگیراوەکان بە سەرنجدان بە قەوارە و جۆریان فیلتەریان بکات. هەروەها دەتوانی لە سایتەکەدا بە دوای وشەیەکی دیاریکراودا بگەڕێی. هەندێك لە تواناکانی ئەو پرۆگرامە ئەوانەن.



- وەرگرتنی تەواو یان بەشێك لە زانیاری سەر سایتەکە بۆ سەر هاردەکەتان، بۆ چاوپێداخشاندنەوەی پێویست بە هێڵی ئەنتەرنێت ناکات.
- پێکهێنانی کۆپێکی تەواو لەو سایتەی کە تۆ مەبەستتە بە وەبەرچاوگرتنی تەواوی بەش و دایراکتۆرەکانی.
- بەدوادا گەڕان لە سایتێکدا بۆ دۆزینەوەی فایلە جۆراوجۆرەکان بە فۆرمات و قەوارەی دیاریکراوەوە.
- داونلۆدی ئەو فایلانەی کە تۆ دەتهەوێ بە خێراییەکی زۆرەوە و ئەگەر هێڵەکەشت پچڕا، بەدوای هاتنەوەی هێڵدا سەرلەنوێ دەست بە داونلۆد دەکاتەوە. هەروەها چەندین توانای دیکەشی تێدایە.

# مۆبایلێكی تایبەت بە منداڵان





مۆبایلێكی نوێ بۆ منداڵان هاتە بەرهەم، کە دەنگی زەنگەکانی ئاگادارکردنەوەی بەرزە و هەروەها سیستەمی GPRS واتە دۆزینەوە لە ڕێگای سەتەلایتەوەی لەگەڵدایە، تاکو یارمەتی دایك و باوكی منداڵەكە بدات لەکاتی ون بوونی منداڵەکانیان بە ئاسانی بیدۆزنەوە.

ئەو هاندە دووەمین هاندی تایبەت بە منداڵانە کە لەلایەن کۆمپانیای NTT Docomo بۆ مندڵان دروستکراوە.

ئەو موبایلە وەك مۆدێلەکەی پێشوو تایبەتمەندی جۆراوجۆر بۆ پاراستنی ئەمنییەتی منداڵان لەگەڵدایە، وەك زەنگی ئاگادارکردنەوە بە هێزی ١٠٠ دی سی بێل، کە بە ئەکتیف کردنی مۆبایلەکە دەست دەکات بە فلاش لێدان و هەروەها ئیمیلێك بۆ دایك و باوكی منداڵەكە دەنێرێ و ئاگاداری دەکاتەوە کە منداڵەکە لە کوێیە.

منداڵان دەتوانن هەلومەرجی جوگرافی خۆیان بەبێ بەدەنگ خستنی زەنگی هۆشیارکردنەوە و تەنیا بە داگرتنی دوگمەیەك لەهاندەکەدا بەرێ بکەن، هەروەها کۆنترۆڵ کردنەکەی بە جیایە لەهاندەکەو دەکرێ لە مەچەکی منداڵەکە بخرێ، ئەگەر لە هاندەکە بە مەودایەکی دیاریکراو دوور کەوێتەوە، مۆبایلەکە قفڵ دەبێ و ئەگەر دە مەتر لە کۆنترۆڵ کەرەوەکە دوور بکەوێتەوە، دەست دەکات بە جەرەس لێدان. ئەگەر زیاتر لە پێنج خولەك لە کۆنترۆڵ کەرەوەکە دوور بکەوێتەوە ئیمیلێك بۆ دایك و باوكی منداڵەکە دەنێرێ.

# تەلەڤزیۆنی LCD سێ ڕەهەندی لە ساڵی ٢٠١٠ دەکەوێتە بازاڕ

تەلەڤزیۆن گرنگترین ئامێری گەیاندنە لەم سەردەمەدا، لە ماوەی ئەم دە ساڵەی دواییدا گۆڕانکارییەکی زۆر بەسەر ئامێری تەلەڤزیۆندا هاتووە، وەك هاتنە بەرهەمی تەلەڤزیۆنی پلاسما، HDD تەلەڤزیۆنی لەیزەری. لەم دوایەشدا تەلەڤزیۆنی سێ ڕەهەندی هاتۆتە بەرهەم کە بڕیار وایە ساڵی ٢٠١٠دا بکەوێتە بازاڕ.

تەلەڤزیۆنی سێ ڕەهەندی وێنەکان سێ لایی نیشان دەدات (ثلاثة ابعاد)، بەڵام بۆ سەیرکردنی ئەم تەلەڤزیۆنە دەبێ چاویلکەیەکی تایبەت بە سەیرکردن کە بە جیا لە تەلەڤزیۆنەکەیە لەچاو بکەی، ئەگینا بێ ئەو چاویلکەیەیە، دیمەنەکان بە سێ ڕەهەندی نابینی.

هەرچەندە نموونەی ئەو تەلەڤزیۆنە کە تاقیکراوەتەوە ئاکامێکی باشی هەبووە، بەڵام هێشتاش ئەندازیارانی بەرهەمهێنی تەلەڤزیۆن لێی رازی نین و خەریکی پەرەپێدانی ئەم تەکنەلۆژیەن.

شایانی ئاماژە پێدانە کۆمپانیای LG تەلەڤزیۆنێکی نوێی داهێناوە کە بە تەلەڤزیۆنی چەرخی زانیاری ناسراوە، ئەم تەلەڤزیۆنە دەتوانێ تاکو ٢٥٠ گیگابایت ئەو پرۆگرامانەی کە نیشانی داون خەزن بکات، بە واتایەکی دیکە ٢١ کاتژمێر خەزن کردنی پرۆگرامەکان بە دیقەیەکی زۆر ئاست بەرز و ٩٢ کاتژمێر خەزن کردن بە دیقەیەکی ئاسایی.



# ١٥ فرمان بۆ پاراستنی ئەمنییەتی کۆمپیوتەر

## ٢-١

گەر هەمیشە لە دابەزینی خێرایی کۆمپیوتەرەکەتان گلەییتان هەیە و پێتان وایە کە زۆر جاران کۆمپیوتەرەکەتان تەمبەڵ و زەغەڵ بووە ئەوەندە بە گوێتان ناکات، زۆر جارانیش وەك ئەسپێکی کێوی دەچێت ئەوەی کە بۆخۆی پێی خۆشە و حەزی لێدەکات ئەنجامی دەدات و فرمانەکانی ئێوە وەبەرچاو ناگرێ. ئەم بابەتە بخوێننەوە و فرمانەکانی بەباشی وەبەرچاو بگرن، بەڵکو کۆمپیوتەرەکەتان لەو سەرکێشییەی واز بێنێ و تەواو بە فرمانی ئێوە بجوڵێتەوە.



١- Defrag کردن لەکات و ساتی خۆیدا دەبێتە هۆی ڕێکخستنی فایلەکانی ناو هاردەکەتان، پاش ئەنجامدانی ئەو کردارە توانای گەڕاندنەوەی فایلەکان بە خێراییەکی زیاترەوە هەیە.

٢- سڕینەوەی فایلە کاتییەکان: ڕەنگە ئێوەش ئاگادار بن دوای ئەوەی کە پرۆگرامێك دادەبەزێنە سەر کۆمپیوتەر، هەندێك لە فایلەکان بەبێ ئەوەی کە بەکارهێنەر ئیزنی دابێت کۆپی دەبن، ئەم جۆرە فایلانە پێیان دەگوترێ فایلی (Temp) کە ئێوە دەتوانن بەبێ هیچ چەشنە نیگەرانییەك ئەو فایلانە لە کۆڵ خۆتان کەنەوە و بیانسڕنەوە، بەڵام پێویست دەکات لەکاتی ئەنجامدانی ئەو کارە لە پسپۆڕێکی کۆمپیوتەر یارمەتی وەربگرن، تا کو نەکا لەبری ئەو فایلانە فایلی سەرەکی بە هەڵە بسڕنەوە. چونکە سڕینەوەی فایلە سەرەکییەکان دەبێتە هۆی ئەوەی کە پرۆگرامەکە پێنەبێتەوە. هەروەها سڕینەوەی فایلە cacheکان. ئەو فایلانە ئەوکاتەی کە لەسەر ئەنتەرنێتی لەسەر سیستەمەکەت کۆپی دەبن و نیشاندەری ناوونیشانی سایتێکن، دەکرێ بەبێ هیچ گرفتێك ئەو فایلانەش بسڕیەوە.



٣- Scandisk: فایلە خەزنکراوەکانی سەر سیستەم لەسەر هارد خەزن دەبن کە هاردیش بۆخۆی چوارچێوەیەکی سنووورداری هەیە، لە کۆمەڵە سلیندەرێك پێکهاتووە کە ئەو سلێندەرانە بەستراوەتەوە بە قەوارەی هاردەکەی ئێوە. هەر سلێندەرێکیش دابەش دەبێتەسەر کۆمەڵە Sector و Trackێك. بچووکترین یەکەیان پێی دەگوترێ cluster کە لەکاتی خەزنکردنی زانیاریدا لە ڕاستیدا زانیاریەکە لەسەر ئەوانە خەزن دەبێت. ئەگەر گرفتێك لە فایلە خەزنکراوەکانتان هاتبێتە پێش، هارددیسکەکەی ئێوە تووشی گرفت دەبێت. چارەسەری ئەو گرفتەش ئەوەیە کە هاردەکە Scandisk بکەی. سکاندیسك کردن گرفتی فیزیایی هارد چارەسەر دەکات.

٤- سڕینەوەی ڕیجیستەری ویندۆز: ڕیجستەری شوێنێکی دەقە کە ڕێکخستنەکان و زانیارییەکانی تایبەت بە سیستەمی ئێوە و گشت پرۆگرامە دابەزێندراوەکان بۆ ئێوە رادەگرێ. هاوکات بە دابەزاندن و سڕینەوەی پرۆگرامێك لەسەر سیستەم، زانیاری بێ سوود لە ڕیجیستەریدا دەمێنێتەوە، کە ئێوە دەتوانن بە سوود وەرگرتن لە پرۆگرامێکی تایبەت کە بۆ ئەم مەبەستە داندراون، ڕیجستەری ویندۆزەکەتان بسڕنەوە، بەڵام پێویست دەکات لە پسپۆڕێکی کۆمپیوتەر یارمەتی وەربگرێ کە نەکا بە هەڵە کارێکت کردبێ کە سیستەمەکەتان سڕێتەوە.

٥- ڕۆژڤ کردنی درایڤەکان: لە سەختە ئامرازی هەر کۆمپیوتەرێکدا ڕێژەیەکی زۆر پارچەی ئەلکترۆنی هەیە کە دەکرێ ئاماژە بە کارتی گرافیکی (VGA)، کارتی دەنگ (Sound card) و هەروەها مۆدێم و پارچەکانی دیکەی سەر مەزەلبۆرد بکرێ. هەمیشە دوای دابەزاندنی سیستەمێکی بەگەرخەری نوێ، دەبێ پرۆگرامی تایبەت بەو پارچانەش دابەزینی، کە ئەوەی لەم هەرێمەدا پێی دەگوترێ (تەعریفات)، تەعریفی کارتی دەنگ و کارتی مۆدێم و..هتد. هەمیشە دەبێ هەوڵ بدەی کە ئەم تەعریفاتانە ڕۆژڤ بکەی.



٦- بردنە سەری توانای سەختە ئامراز: هەوڵ بدە ئەگەر باری داراییت گونجاوە پارچە سەرەکییەکانی سیستەم بەریە سەرێ. لەو پارچانە دەکرێ ئاماژە بە RAM، هارد، مەزەڵبۆرد و CPU بکەی. لەو کاتەی کە کۆمپیوتەر دەکرێ دڵنیابێ کە مەزەڵبۆردەکەت توانایی چەندە. بۆ نموونە تاچەند دەکرێ RAMی بۆ دابندرێ، چ جۆرە هاردێکی بۆ دابندرێ، خێرایی CPUیەکەی چەندە. ئەگەر گلەییتان لە خێرایی کۆمپیوتەرتانە هەوڵبدە RAMێکی باش بۆ کۆمپیوتەرەکەت دابنێ. بۆ ئەم مەبەستە دەکرێ ڕامە کۆنەکە بە ڕامێکی نوێ بگۆڕییەوە. یان ڕامێکی دیکەی بۆ دابنێی. یان هاردەکەتان بگۆڕی.

٧- ڕاگرتنی ئەو پرۆگرامانەی کە پێویست نین: ئەگەر تۆ لەو کەسانەی کە هەمیشە هەوڵ دەدەی پرۆگرامێکی نوێ دابەزێنە سەر کۆمپیوتەر و بە دوای نوێترین پرۆگرامەکاندا دەگەڕێی، دەبێ پێت ڕابگەیەنم کە ئەو کارە لایەنی سلبی زۆری هەیە، یەکێك لەو سلبیاتانە دابەزینی خێرایی کۆمپیوتەرە. ئەگەر پێویستت بە پرۆگرامێك نییە لەسەر سیستەم بەتەواوی بیسڕەوە، نەك بە شێوازی فایل فایل و فۆڵدەر فۆڵدەر.